# سالّی نویّ



دڵکەش قادر

لە سالّی نویّ دەرگاکانی هاتن قفڵ مەکە

لە گۆشەیەکی دیکەوە

لە پەنجەرەیەکی دیکەوە

ناتوانم سەیری ڕووناکی کەم

ناتوانم لە ڕوو لە تیشکێکی دیکە کەم

کاتێ سەراسیمای تۆمە.

لە سالّی نوێدا ناتوانم خەون بە تۆوە نەبینم

من لە هەمووجێما تۆ

تۆ لە هەموو جێتا من قفڵکراوم.

سالّێکی دیکەش بڕوا

من هەر لە خەیاڵی تۆدا يارييەکی منداڵانە دەکەم.

دەلاقەکانی هاتن دامەخە

من سەر بە تەریقەتی عیشقم

لە بەرقاپی خانەقای مەولا سەرەتاتكێی بینینی دوا تابلۆی نیگای تۆم

شوێن تا ئەوجی بیركردنەوە كڵۆڵ

تاكشانی ئێوارە سێبەری سنەوبەرێكی تەڕ.

لە ساڵی نوێدا

من تاسووخێكی نایابم بە دیار وێنەكەتەوە دانیشتووم

تا ڕژانی خەیاڵ

كات بە كەڵكی بێدەنگی نایەت

من بڵێسەم دێ لە قسە و

هاژەم دێ لە ڕژانی جوانی

ئەگریجەم لە تابلۆیەكت بئاخنە و

بۆ تێپەڕینی ترپەیەك لە ساڵی نوێدا

سڵاوێك بنێرە.

سلێمانیی

دڵكەش قادر